## بەرەو گفتوگۆیەکی زانستی لەمەڕ سۆفیگەری و ئەدەبیاتی سۆفیگەری

### چەند سەرنجێک لەسەر نووسینەکەی لەتیف هەڵمەت



**سەبور عەبدولکەریم (شکار)**

**بەشی یەکەم**

یەکێک لەو بابەتە هەرە گرنگ و زیندووانەی کە لەم ماوەیەدا بڵاوکرایەوە، بابەتی (تەسەوفی ئیسلامی و روانینێکی نوێ) بوو، کە لە نووسینی شاعیرو رووناکبیر مامۆستا لەتیف هەڵمەت بوو، نووسەر جگە لە خستنەڕووی هەندێ تێڕوانینی تایبەتیی لە بارەی سۆفیگەرییەوە، هاوکات دەیەوێت بۆمبێك لە نێوەندی رۆشنبیریی کوردیدا بتەقێنێتەوە، بەوەی کە ئەدەبیاتی سۆفیگەریی کە پێشتر بە هەڵە وا باسکراوە- لەنێو کورددا نییەو ئەوەی کە هەیە شیعری ئایینییەو هاوکات مامۆستا بە خاکیانەو بە مەبەستی گفتوگۆ داوا لە رۆشنبیران و شارەزایان دەکات کە بیروڕایان لەم رووەوە بخەنەڕوو.
سەرەتا خودی گفتوگۆکردن لەسەر سۆفیگەریی و ئەدەبیاتی سۆفیگەریی لە نێو کورددا، زۆر گرنگە، نەك تەنها لەو رووەوە، کە رۆشنبیری کورد لەو رووەوە ئێجگار هەژارە، بەڵکو چونکە راستەوخۆ پەیوەستە بە بناغەو کۆڵەکەی کولتووری رابردووی کوردەوە، کە شیعرەو شیعری کلاسیکی کوردییە، چونکە کولتووری نووسراوی ئێمە هەر ئەوەیەو لەوێوە دەتوانین توێژینەوە لە زۆر مەسەلەی گرنگ بکەین، لەوانە گەڕان بە دوای زانینی چۆنیەتی وەرگرتن (تلقی) ئاین لە لایەن مرۆڤی کوردەوەو رەنگدانەوەی لە شیعری شاعیرانی کورددا، بە هەرحاڵ بەش بە حاڵی خۆم پاش خوێندنەوەی بابەتەکەی مامۆستا لەتیف، هەستم بە هەڵەی زانستیی دیارو تێکەڵییەك لە چەندین بواردا کرد، کە نایشارمەوە، کە ئەگەر بمەوێت لەسەر یەکبەیەکی ئەو خاڵانە بدوێم، ئەوا نووسینەکەم ئێجگار درێژە دەکێشێ، بەڵام هەوڵدەدەم لەسەر لایەنە گرنگەکان هەڵوەستە بکەم و لە نێو ئەوەشدا ناو بەناو ئاماژە بە هەندێك لایەنی تر بکەم. سەرەتا هەڵەیەکی دیار لەوەدایە، کە ئێمە باس لە سۆفیگەری و عرفان بکەین، بەبێ رەچاوکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی سۆفیگەری، چونکە سۆفیگەری وەك دیاردەیەکی زیندوو ئەویش قۆناغی لەدایکبوون و نەشونماکردن و پێگەشتنی خۆی هەیە، کە زۆرینەی رەهای تۆژەرانی ئەو بوارە پێیانوایە سەرەتا بە ئەزموونی دونیانەویستی (زوهد)و دەستهەڵگرتن لە خۆشییەکانی دونیا دەستیپێکردووەو دواتر ئەزموونی دونیانەویستی تێکەڵ بە سۆفیگەری (زوهد -

سۆفیانە)و پاشتر قۆناغی سۆفیگەریی پەتی دێت و دواتر ئەزموونی سۆفیگەریی فەلسەفی دێت، کە ئەمەش بەپێی قۆناغی گواستنەوەو گۆڕانی دەکرێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم- ئەزموونی سۆفیگەریی کاریگەر بە فەلسەفە، کە حەللاج و بایەزید بە دیارترین کەسێتی پەیدابوونی ئەم ئەزموونە دا دەنرێن
.

دووەم- ئەزموونی سۆفیگەریی فەلسەفیانە، کە ئەم ناولێنانە بۆ ئەو ئەزموونە خودییە سۆفی فەلسەفەگەرا دەگەڕێتەوە، کە دەستپێکی لە سۆفیگەرییەوەو کۆتایی بە فەلسەفە دێت لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی ئەم دوانە لەو ئەزموونەدا، لێرەوە زاراوەی ئەزموونی سۆفیگەریی فەلسەفیانە دابڕا بەسەر ئەزموونی تایبەتیی شیهابەدینی سوهرەوەردی (کوژراو) لە ڕۆشنبوونەوەدا (اشراق)و موحیەدین ئیبن عەرەبی لە یەکێتیی بوون (وحدە الوجود)و عەبدولحەق سەبعین لە یەکێتیی ڕەها (الوحدە المگلقە) دواتر قۆناغی ئەزموونی فەلسەفیانەی سۆفیگەرییانە دێت، کە ئەم ناولێنانەش بۆ ئەو ئەزموونە خوودییەی فەیلەسووفی سۆفی دەبێت، کە بەپێچەوانەی ئەوەی پێشوو فەلسەفە دەکاتە دەستپێك لە چوونیدا بەرەو سۆفیگەریی، ئەمە لەگەڵ پاراستنی فەلسەفەدا وەك قەدوکردنی سۆفیگەریی بە لقێك لەو، بەمجۆرە دەتوانرێ بوترێت دەستەواژەی (ئەزموونی فەلسەفیانەی سۆفیگەرییانە) ناونانێکە لە ئەزموونە تایبەتییەکانی فەیلەسووفەکانی ئیسلامی وەك فارابی و ئیبن سیناو ئیبن روشدو ئەوانەی بەو ڕێیەدا ڕۆیشتوون بۆ پەیوەندیکردن بە (عەقڵی کارا- خوا(1))وە .

لێرەوە ڕەچاونەکردنی ئەو گۆڕان و قۆناغانە وایکردووە، مامۆستا هەڵمەت دووچاری هەڵەی دیاربێت، وەك ئەوەی مامۆستا وەك نموونەیەك بۆ دژایەتی وتەی هەندێك لە سۆفییەکان لەگەڵ شەریعەتدا دەڵێت (ئیبراهیمی ئەدهەم زۆر بە ڕەهایی دەڵێ: ڕۆژی حەللاج پەیدابکەو گوێمەدەرە شەونوێژو ڕۆژوگرتن)، بەڵام هەموو شارەزایانی مێژووی سۆفیگەریی دەزانن، کە ئیبراهیم ئەدهەم لە ساڵی 161ی کۆچیی کۆچی دواییکردووە، واتە نزیکەی سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی حەللاج، کە لە ساڵی 309ی کۆچی شەهیدکراوە(2)، ئیتر ئەبێ کەی و لەکوێ حەللاجی بینیبێ تا وتەی وا بڵێت؟!. پاشان ئیبراهیم ئەدهەم و حەللاج هەریەکەو کەسێتییەکی دیاری قۆناغێکی جیاوازن، یەکەم کوڕی قۆناغی گواستنەوەی زوهدە بەرەو سۆفیگەریی، بەڵام دووەم کوڕی قۆناغی گواستنەوەی سۆفیگەرییە بەرەو سۆفیگەریی فەلسەفیانە. هەر لێرەوە دابەشکردنی سۆفیگەریی لەلایەن مامۆستاوە بە دوو هێڵی کۆمەڵایەتی و عیرفانی لە خۆیدا پۆلکردنێکی سەیرە، چونکە بەش بەحاڵی خۆم وەك خوێندکارێکی ماجستێر، کە ناچار بووم بەپێی سروشتی نامەکەم بە دوای ئەم مەسەلانەدا بچم، چەند پۆلکردنێکی سەرەکیم بینیوە، لەوانە پۆلکردنێك، کە سۆفیگەری دەکات بە دوو بەشەوە، کە ئەوانیش کۆمەڵی زوهدو ڕامهێنان (ریاقە)و خواپەرستی و یاد (زکر)و بیرکردنەوە) فکر)ن، کۆمەڵی دووەمیش کۆمەڵی وجدو حاڵ و سەمای سۆفیانەو سەماع (مۆسیقای سۆفیانە)ن، کە لێرەوە تەریقەتی نەقشبەندی دەچێتە خانەی یەکەمەوەو تەریقەتی قادری زیاتر دەچێتە خانەی دووەمەوە، هەروەها پۆلکردنێکی تری سەرەکیش ئەوەیە کە سۆفیگەری دابەشدەکات بەسەر سۆفیگەریی خواپەرست) عابد)انەو سۆفیگەریی عاشقانە، هەروەك پۆلکردنێکی تریش بەسەر سۆفیگەریی ڕۆحی و سۆفیگەریی عەقڵیدا دابەشیدەکات، ئەمە جگە لە پۆلکردنی بۆ عیرفانی کرداری و عرفانی تیۆری، کە ئەمە زیاتر تۆژەرە فارسەکان کاری پێدەکەن، هاوکات هەندێکیتر پۆلێنی دەکەن بەسەر سۆفیگەری و عرفاندا، کە ئێمە زیاتر لایەنگری ئەمەی دواییین، لێرەوە خودی پۆلکردنەکەی مامۆستا سەیرە، گەرچی پێدەچێت مامۆستا لە نەستیدا مەبەستی لە هێڵی کۆمەڵایەتیی، سۆفیگەریی یان عرفانی کرداری بێت، مەبەستی لە عرفانی، سۆفیگەریی و

عرفانی تیۆری (نقری (بێت، لێرەدا کێشەی گەورە لە دانانی هێڵی (کۆمەڵایەتی) بە جیاواز لە (عرفانی) دایە، لە کاتێکدا عارفەکان کۆمەڵایەتییترین کەسانی ئاینپەروەرن، هەر خودی مامۆستا دەڵێت (ئەوانە- هێڵی عرفانی- دژی ئەوەن دین و مەزهەبەکانی تر سەرکوتکرێن و مافی ئایینیی خەڵکانی غەیرە ئیسلام پێشێل بکرێ) ئینجا لەمە کۆمەڵایەتیترو بڵندتر چی هەیە؟ هەر ئەو دەڵێ (بەشێوەیەکی گشتیش هزرمەندانی سۆفیگەری بەرگرییان لە ئازادیی بیرو ئایین کردووە)، ئایا ئەمە لوتکەی کۆمەڵایەتیبوون و دژی گۆشەگیری نییە؟ هەر خودی پۆلکردنەکەی مامۆستا لە ناوەڕۆکیدا دەردەکەوێت، ئەوەی کە بەڕێزیان بە هێڵی کۆمەڵایەتی ناوی بردوون بە پێچەوانەوەی هێڵی بانگەشەکەر بوون بۆ دابڕان، لەوانەش دابڕان لە دەسەڵاتی سیاسیی، مامۆستا دەڵێت: (هێڵی کۆمەڵایەتیی سۆفیگەری بانگەشەی لە سوڵتەو دەسەڵات دابڕان دەکات و بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی فتواکاریی و فەرمانبەرێتیی بەشداری و هاریکاریی دەوڵەت ناکات و سۆفییەکانی سەردەمی بەناو خیلافەتی دەوڵەتی ئەمەویی و عەباسییەکان بە ناشەرعی دەزانی و دۆستایەتییان لەگەڵ پیاوانی گەورەی ئەو دوو دەوڵەتەدا نەبووە). ئەمەش بەرەهایی وا نییە، بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە، راستە دۆستایەتییان لەگەڵ دەسەڵات و خیلافەتدا لا مەبەست نەبووە، بەڵام هاوکات دژایەتی دیاری خەلافەتیشیان نەکردووە، بەڵکو ئەمان هەر لە سەرەتاوە، کە قوتابخانەی زوهدیان هەبووە لە شوێنەکانی وەك بەسرەو کوفەو بەغدادو هتد.. کە ناوجەرگەی دەسەڵاتی خەلافەت بووە، تا دەگات بە لوتکەی شێخی سۆفییەکان، کە شێخ جونەیدی بەغدادییەو بە (سید الگائفە) ناودەبرێ، خۆیان پاراستووە لە بەریەککەوتن لەگەڵ دەسەڵات و لە بەرامبەردا دەسەڵات بواری چالاکیی و دروستکردنی شوێنی تایبەتی بۆ پەروەردەکردنی موریدو سۆفی پێداون، بەڵام ئەوانەی کە دژایەتی دەسەڵات و نادادیان کردووە، زیاتر عارفەکان بوون کە حەللاج نموونەیەکیانەو ئەمە دواتر باسدەکەین. پاشان هەر خودی نموونەکانی مامۆستا، کە لە باسکردنی حەللاج و بایەزیدی بوستامی و عەبدولکەریم جیلی و ئیبن عەرەبی و عەبدولقادری گەیلانی خۆی دەبینێتەوە، کە بەڕێزیان لە خانەی هێڵی عیرفانی داناون، بە پێچەوانەوە هەر ئەمانە بوون زیاتر دژایەتیکراون، حەللاج دەسەڵاتی عەباسییەکان کوشتیان، هەروەها عەبدولکەریم جیلی هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە کوژرا، پاشان هەر لێرەدا مامۆستا هەڵەیەکی میتۆدی (منهجی) کردووە، لەوەدا کە دەڵێت: (ئەو هێڵە -هێڵی عیرفانی- دژی ئەوە بووە، کە بە ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە دین و مەزهەبەکانی تر سەرکوت بکرێن و مافی ئایینیی خەڵکانی غەیرە ئیسلام پێشێل بکرێ و لەم بارەیەوە ئیبن عەرەبی و عەبدولکەریم جیلی و ئیبن سەبعین و مەعەری رۆڵی گەورەیان هەبووە، بەڵام حەللاج و بوستامی و عەبدولقادری گەیلانی زیاتر دژی دیاردەی هەژاریی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی وەستاون)، ئەوەی ئاگاداری مێژووی گەشەکردنی سۆفیگەریی بێت دەزانێت کە ئیبن عەرەبی و عەبدولکەریم جیلی کە لە دوای حەللاجەوە دێن بە چەند سەدەیەك، بەشێك لە بیرە سەرەکییەکانی خۆیان لە حەللاج وەرگرتووە، لەوانە بیری باوەڕبوون بە ئاینەکان، ئیبن عەرەبی کە دڵی بە کڵێسەی راهیبێکی مەسیحی و بتخانەی بت پەرستان و لەوەڕگای ئاسکۆڵان و حەجەرولئەسوەدی حاجیان دادەنێت، ئەمەی زیاتر بە کاریگەربوون بە بیری یەکێتیی ئایینەکان (وحدە الادیان)ی حەللاج بووە، کە باوەڕی وایە ئاینەکان لە رواڵەت دا جیاوازن، وەگەر نا لە جەوهەرو بناغەدا یەکن، هەروەها عەبدولکەریم جیلی، کە زیاتر بە تیۆری مرۆڤی کامڵ (الانسان الکامل) ناسراوە، دووبارە ئەویش لە ژێر کاریگەری بیری حەللاج و تیۆری مرۆڤی کامڵ یان مرۆڤی خودایی حەللاجدایە، کە (انا الحق)ی حەللاج جەوهەری ئەوەیەو حەللاج ئەو تیۆرەی دارشتووە، بەڵکو تاکە کتێبی بەجێماو لە حەللاج، کە (الگواسین)ە، باس لە مەسەلە تیۆرییە عرفانییە قووڵەکان دەکات و بە دوورە لە باسی هەژاریی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی، کە ئەمە لە هەندێك هەڵوێستی

رۆژانەیدا بینراوە وەك لە كتێبی (اخبار الحلاج)دا هاتووە. لە پەرەگرافێكی تردا مامۆستا لەتیف هەڵمەت دەڵێت: (زوهدو تەسەوف دوو هێڵی جیاوازن و زاهد عاشقی خوایەو سۆفی خۆی بە خودادەزانێ و چووەتە حاڵەت و بارودۆخێكەوە لێیتێكچووە، كە ئایا خۆی خوایە یاخود خوا ئەمەو ئەمەش حاڵەتێكە لە زاراوەی سۆفیگەرییدا بە فنا فی اللە ناودەبرێ و بەهەشت و دۆزەخی لەلادەبێ بەیەك و نەبەخۆشی بەهەشت ئارامدەگرێ و نەلە ئاگری دۆزەخ دەترسێ.. بەڵام زاهید هەر خەریكی پاڕانەوەیەو هەمیشە لە ئاستانەی عەرشی خوادا دەگری بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخی دووربكات و بەهەشتی پێ رەوابببینێ).

هەڵەی دیار لەم پەرەگرافەدا هەیە، بەڵكو دژایەتیی زۆر دیار هەیە، چونكە لەسەرەوە مامۆستا دەڵێت: (زاهد عاشقی خوایە)، كەچی لە خوارەوە دەڵێ (زاهد هەر خەریكی پاڕانەوەیەو هەمیشە لە ئاستانەی عەرشی خوادا دەگری بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخی دووربكات و بەهەشتی پێ رەوابببینێ)، دەی ئەگەر زاهید عاشقی خوایەو تەنها خوای بۆ خۆشەویستی خۆشدەوێ، ئیتر چۆن دەگری بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخی دووربكات و بە هەشتی پێ رەوا ببینێ، بەڵكو راستییەكەی ئەوەیە، كە بەشی دووەمی وتەكەی مامۆستا راستە، كە زاهید زیاتر دونیانەویستەو لە خوا دەترسێ و داوای لە خوا ئەوەیە لە دۆزەخی دووربكات و بەهەشتی پێ رەوا ببینێ، بەڵام عارف عاشقی خوایە، وەكو لەسەرەوە مامۆستا بە هەڵە هێناویەتی، ئەمەش وا دەزانین هەڵەكە لەوەوە روویداوە، كە مامۆستا ویستوویەتی لە رێگەی پرۆسەی بەراوردەوە سروشتی جیاوازی زوهدو سۆفیگەری بخاتەڕوو، كە دەڵێ: (زوهدو تەسەوف دوو هێڵی جیاوازن، زاهد عاشقی خوایەو سۆفی خۆی بە خوا دەزانێ.. تا دوایی بڕوانە پەرەگرافەكە..)، بەڵام ئەم بەراوردە وەك وتمان بەشی یەكەمی، واتە زاهد عاشقی خوایە راستەقینەكەی وانییە، هەروەك بەشی دووەمی تای بەراوردەكەشی دووبارە ناڕاستە، چونكە بەو پێیە بێت هەر سۆفییەك خۆی بە خوا نەزانێ ئیتر لای مامۆستا سۆفی نییە؟! پاشان لە سەرانسەری مێژووی سۆفیگەریی و عرفانی ئیسلامیدا تەنها چەند نموونەیەكی كەمی وەك وتەكەی حەللاج كە وتوویەتی )انا الحق) كە ئەمەش هەرگیز بە مانای من خوام بەو سادەییە نییە، وتەی بایەزیدی بوستامی كە وتویەتی (سبحانی ما اعقم شرنی- پاكی و بێگەردی بۆمن چ پایەیەكی گەورەم هەیە)و چەند نمونەیەكی زۆر دەگمەنی تر، شتی وا زۆر كەم دەبینرێ، واتە ئەوە حاڵەتی ریز پەڕ (شاز)ە نەك حاڵەتی باو و ستانداردی سۆفیگەری و عرفان. هاوكات ئەگەر وەك ئەزمونێكی دیار نەك دەگمەنیشی دابنێین، ئەوا وەك پێشتر باسی قۆناغەكانی ئەزموونی سۆفیگەرییدا وتمان، ئەوەیە كە مامۆستا دەڵێت (سۆفی خۆی بەخۆی دەزانێت) كە بەتەواوی پێچەوانەكەی راستە ئەگەر هەر واش بێت و نموونەیەكی كەمی وەك وتەكانی بایەزیدو حەللاج لەم رووەوە هەبێت، ئەوە تەنها بەشێك و قۆناغێكە لەسۆفیگەریی، وەك پێشتر باسمانكرد ئەویش قۆناغی سۆفیگەریی كاریگەر بوو بەو فەلسەفەیە نەك هەموو سۆفیگەریی، ئەمەش لەفەناوە نییە بەرەهایی وەك مامۆستا ناوی دەبات، بەڵكو زیاتر لەیەكێتی (اتحاد)ی سۆفییانەوەیە، كەسۆفی و سالك لە حاڵەتێكی رۆحیدا هەست بە بوون بەیەكدەكات لەگەڵ خودا. پاشان) فەنا) كە مامۆستا باسیدەكات، زۆرینەی سۆفیگەرییناس و سۆفییەكان وێڕای بڵندی، بەڵام تەنها بە مەقامێكی دادەنێن لەنێو چەندین مەقامی تری وەك) تەوبە، زوهد، ئارامگرتن، پشت بەخوابەستن (توكل) وهتد..) هەروەك مەبەست لە مەقامی فەناش بە كورتی بریتییە لە فەناكردن و لەناودانی سیفاتە مرۆییە كەموكورت و نەشیاوەكان، كە رەنگدانەوەی باری دەروونی و كولتووریی كۆمەڵگەكەیەتی، كە دەبێتە پەردەو رێگر لە بەردەم پێگەیشتن و گەورەبوونی مرۆڤدا، بۆیە بە فەناكردن و لادانی ئەو سیفاتانەو وەرگرتنی سیفاتە خوداییەكان، مرۆڤ بە گەورەیی و

بەختەوەریی دەگات، بەڵام نەك بوون بەخوا وەك مامۆستا دەڵێت، کە ئەمە لەسەدا سەد بە پێچەوانەوەیە، چونکە (خودا هاتووە تا بە مرۆڤەکان بڵێت ئێوە خوانین) واتە مافی خوایەتی بە خۆی بدات، وەك بیریارێکی گەورەی ئێرانی و جیهانی د. عەبدولکەریمی سروش دەڵێ، هەروەها بۆیە پێغەمبەرانیشی ناردووە وەك د. سروش دەڵێت (تا بە مرۆڤەکان بڵێت ئێوە پێغەمبەر نین(3))، واتە هەریەکەو بەناوی خواوە قسەنەکات، جا گەر سۆفی خۆی بە خوا بزانێت ئەوکات چ جیاوازییەکی دەبێت لەگەڵ فرعەون و دیکتاتۆرەکان و هەموو مرۆڤە خودپەرستەکاندا کە بە کردارو ناوبەناو گوفتاریش ئەوە دوپاتدەکەنەوە؟ بەهەرحاڵ باشترین رێگا بۆ یەکلاکردنەوەی راستییەکان، ئەوەیە باس لە چییەتیی سۆفیگەری و عرفان و شەریعەت و دواتر چییەتیی ئەدەبیاتی سۆفیگەری و عرفانی و پاشتر وەڵامدانەوەی ئەوەی کورد ئەدەبیاتی سۆفیگەری هەیە یان نییە؟